باڵەکایەتی: گەلە گورک پەلاماری شوانێک دەدات

رۆژی ٢٥-٧-٢٠٠٨ شوانێک بەناوی (جەبار) دانیشتووی گوندی مەمی خەلان لە کاتێکدا سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕەکانی دەبێ، لەلایەن گەلە گورگێکەوە پەلامار دەدرێ، بەڵام شوانەکە چەکی لادەبێ، لێیان دێتە دەست و دەسڕێژیان لێدەکات، هەروەها سەگەکانی شوانەکە لەگەڵ گورگەکان بەشەڕ دێن، لە ئاکامدا پێج گورک دەکوژرێن و شوانەکەش سەلامەت دەبێ.

رانیە: کارەبا گەنجێک دەکوژێ و ژنێک بریندار دەکات

رۆژی٢٥-٧-٢٠٠٨ گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی سەیداوەی شارۆچکەی رانیە لە ماڵەکەی خۆیاندا بە کارەبا خۆی دەخنکێنێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو گەنجە ناوی (ع.ئە) و تەمەنی ١٦ ساڵان بوو، پەنا بۆ تەزووی کارەبا دەبات و خۆی دەکوژێ، مخابن هەر دەمودەست گیان دەسپێرێ.

جێگەی ئاماژەی رۆژی ٢٤-٧-٢٠٠٨بەهۆی شۆرتی کارەباوە ماڵی وڵاتی (س. ن) هەڵکەوتوو لە گەڕەکی ئازادی رانیە دەسووتێ، بەوهۆیەشەوە خێزانەکەی گڕی تێبەردەبێ و بەرژەیەک دەسووتێ، بەڵام خۆشبەختانە لەمەرگ رزگاری دەبێ.

حاجیاوا: مامۆستایێک وەژێر ئۆتۆمۆبێل دەکەوێ و دەکوژرێ

رۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٨ مامۆستا (ت.هـ) دانیشتووی شارەدێی حاجیاوا وەبەر ئۆتۆمۆبێل دەکەوێ و دەمرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو مامۆستایە لەتاوی گەرما ویستویەتی بۆ مەلەکردن بڕوات، لەوکاتەدا دوو ئۆتۆمێبێل تامپۆن دەکەن و ئەویش بەردەکەوێ و گیان دەسپێرێ.

بەستۆرە: پڕۆژەی تارین گوندەکان چۆل دەکات

بۆ پڕۆژەی **تارین**ی گەشتوگوزاری کە بڕیاروایە لە نێوان بەستۆرەو گۆمەسپان لەسەر رووبەرێکی فراوان دروست بکرێ، دوا لە دانیشتووانی چەند گوندێک کراوە کە چۆلی بکەن و زەویەکانیان رادەستی حکومەت بکەنەوە.

دانیشتووانی ئەو گوندانەی کە زەویەکانیان وەبەر پڕۆژەکە دەکەوێ نارەزایەتی خۆیان پێشان دەدەن و پێیانوایە کە حکومەتی هەرێم بۆ کۆمپانیای دوبەی ستەم لەوان دەکات، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێکی پەیوەنددار سەبارەت بە کێشەی دانیشتووانی ئەو گوندانە رووونکردنەوەی نەداوە، نازانرێ کە ئایا حکومەت قەرەبوویان دەکاتەوە یان نا؟! ئایا حکومەت ئەو دەستەڵایەتی هەیە کە بەزۆر ئەو زەویانە لەخاوەنەکانیان بسێنێ یان نا؟!

هەولێر: کچێک دەکوژرێ

رۆژی ١-٨-٢٠٠٨ لە گوندی گردەڕەشەی نزیک شاری هەولێر دوو برا لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بەشەڕ دێن و بەچەک پەلاماری یەکتر دەدەن، لەو نێوانەدا خوشکێکیان بەردەکەوێ و دەکوژرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو دوو برایە لەسەر کێشەیەکی بچووک بەگژ یەکتردا هاتوون و پەلاماری یەکتریان داوە، خوشکێکیان بەناوی (ئە.ع) تەمەن ٢٤ دەچێتە ناوبژیوانیان، بەڵام بەردەکەوێ و بە سەختی بریندار دەکرێ، هەرچەندە بەخێرایی رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجینسی شاری هەولێری دەکەن، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەی دوای چوار کاتژمێر گیان لەدەست دەدات.

خەبات: پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێ

رۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٨ لە ئۆردوگەی کەورگۆسکی نزیک شارۆچکەی خەبات پیاوێک پەلاماری ژنەکەی دەدات و دەیکوژێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو پیاوە ناوی (ر-ک-ح) لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی پەلاماری هاوسەرەکەی بەناوی(ن-س-م) دەدات، بە دەمانچە چوار گوللەی لێدەدات و دەیکوژێ، دواتر بکوژەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ.

تەقتەق: منداڵێک دەخنکێ

رۆژی ١-٨-٢٠٠٨ منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵە بەناوی (پ.ج) لە کاتێکدا لەنێو حەوزی ئاوی باڵاخانەیەکی تازە دروستکراودا مەلەی دەکرد، خنکا.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو قوربانە شارەزایی لە مەلەکردندا نەبووەو حەوزەکەش گەورەبووە، بۆیە ژێر ئاو کەوتووەو خنکاوە.

شارباژێر: گەلەگورگ دەسوڕێنەوە

شەوی ١-٨-٢٠٠٨ گەلەگورگێکی ئەڵقەلەگوێ لەگوندی بناویلەی سەر بەناحیەی سیتەکی قەزای چوارتا پەلاماری ٢٠٠ سەر مەڕیان داوەو زیانێکی زۆریان بە رانە مەڕەکە گەیاندووە. بەگوێرەی زانیاریەکان گەلەگورگەکە ٢٦ مەڕیان خنکاندووەو بیست دیکەشیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە. پێشتر باسی گورکی ئەلقە لەگوێ کراوە، بەڵام سەر راست نەکراوەتەوە.

تەقە لە رۆژنامەوان ئامانج خەلیل دەکرێ

کاتژمێر ٢٠ی رۆژی ١-٨-٢٠٠٨ چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستڕێژیان لە رۆژنامەوان ئامانج خەلیل بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی هەفتەنامەی رووداو کرد.

بەگوێرەی زانیاریەکان کاتژمێر ٢٠ی ئێوارەی رۆژی هەینی، ١-٨-٢٠٠٨ ئۆپلێکی رەش بەبەردەم ماڵی رۆژنامەوان ئامانج خەلیل هەڵکەوتوو لە گەڕەکی کانی کوردەی شاری سلێمانی تێپەڕیوەو دەستڕێژی لە ناوبراو کردووە، بەڵام خۆشبەختانە بەرنەکەوتووەو بێ زیان دەربازی بووە.

جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر ئامانج خەلیلی رۆژنامەوان ئاشکرای کردبوو کە کاتژمێر٢٣:٤٥ی شەوی ٢٨-٧-٢٠٠٨ کەسێکی نەناسراو لەڕێگەی ژمارە مۆبایلێکی دەرەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکردووەو، داوای لێکردووە کە ئەگەر لەژمارەی داهاتووی رۆژنامەی رووداودا داوای لێبوردن لەو کەسانە نەکات لە لە ریپۆرتاژەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، دەکوژرێی.

جێگەی ئاماژەیە کە رۆژنامەوان ئامانج خەلیل ، لێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانی رۆژنامەی رووداوەو ماوەی پێنج ساڵە وەک ریپۆرتەرلە ئەنسیتتیۆی رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی(IWPR) لەسلێمانی و لەهەمان کاتدا وەک پەیامنێری ئاژانسی دەنگەکانی عێراق کاردەکات و پێشتریش وەک بەرپرسی ماڵپەڕی هاوڵاتی کاری کردووە.

هەڕەشە کردن و ترساندنی رۆژنامەوانان رەوشێکی تۆقێنەری داهێناوە، بەتایبەتیش دوای تیرۆرکردنی سۆران مامەحەمە لە نێو شاری کەرکوک و هەڕەشەکردن لە سۆران عومەرو ئەشکەنجەدانی یەحیا بەرزنجی، بۆیە وادەخوازێ کە رێوشوێنێکی گونجاو بگیرێتەبەر.

دژ بە قایمقامی چۆمان نارەزایی دەردەبڕن

دانیشتووانی کۆشکی ئاشتی شارۆچکەی چۆمان دژ بە بڕیارێکی قایمقام نارەزایی دەردەبڕن کە گوایە بۆ پڕۆژەیەکی خانوو زەویان بەکەسێک داوە، ئەگەر ئەو پڕۆژەیەش سەربگرێ، سی ماڵی ئەو گەڕەکە رێگەیان لێدەگیرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان بۆ دەربڕینی نارەزایی رۆژی ٢٢-٧-٢٠٠٨ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی شارۆچکەی چۆمان کۆبوونەوە، سەرتا بۆ ماوەی بیست خولەک رێگەی هاملتۆنیان گرت، دوایی نارەزایەتی خۆیان گەیاندە بەردەم قایمقام و شارەوانی شارەکە، خۆپێشاندەران داوایان لە دادگە کردووە کە پشتیوانیان لێبکات و رێگە نەدات کە ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکرێ، چونکە بەجێبەجێکردنی زیان بە بیست خێزان دەگات.

ئسیماعیل سەردەشتی بەکارەساتی ئۆتۆمبێل ماڵئاوایی دەکات

ئێوارەی رۆژی ١-٨-٢٠٠٨ بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل هونەرمەندی گۆرانیبێژی گەلەری **ئیسماعیل سەردەشتی** ماڵئاوایی لێکردن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە پەیامنێری رۆژی گەل گەیشتووە، هونەرمەندی گەلەری 'ئیسماعیل سەردەشتی' لەروداوێکی ترافیکدا لەنزیک دەربەندی رانیە، لەسەر رێگەی گشتی نێوان رانیەو قەڵادزێ گیانی لەدەست داوە.

جێی ئاماژەیە کە هونەرمەندی کۆچکردوو، ١٩٦٥ لە شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، ماوەی چەند ساڵێکە هاتۆتە باشووری کوردستان و لە شارۆچکەی قەڵادزێ نیشتەجێ بووە.

هونەرمەندی کۆچکردوو لەدوای خۆیدا ژنێک و دوو منداڵی جێهێشتووە. هیواخوازین کە ئەمە دواین کارەساتی بنەماڵەی ئیسماعیل سەردەشتی بێ.

دوو ژن پەنا بۆ مردن دەبەن

رۆژی ٢٩-٧-٢٠٠٨ ژنێکی دانیشتووی کۆمەڵگەی تۆبزاوەی نزیک شاری هەولێر بەناوی (م.خ) ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو خۆی سووتاند.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو ژنە نەخۆشی دەروونی هەبووە، لە بێئاگایی و بیززاریدا نەوتی بەسەر خۆی داکردووەو خۆی سووتاندوە و بەرژەی ٨٠% جەختەی سووتاوە.

رۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٨ کچێکی (١٨ ساڵە) بەناوی (نە. ج) دانیشتووی شارۆچکەی خەبات، بەگولله دەکوژرێ.

بەگوێرەی قسەی بنەماڵەی قوربانیەکە، کچەکە بەدزی ماڵەوەیان دەمانچەی براکەی بردووەو گوللەیەکی لسەری خۆی داوەو خۆی کوشتووە. تا ئێستا هۆکاری خۆ کوشتنەکە دیار نیە.

لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ سرنجێک پێکدەهێنرێ

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست پەیامنێری **رۆژی گەل** کەوتووە، لە نەخۆشخانەی رانیە نەخۆشێک چاوەڕانی دەرزی لێدان دەکات، دوای ئامادەکردنی سرنجەکە، دەردەکەوێ مێشوولەیەکی تێدایە، بەوهۆیەوە نیگەرانی و پەشێوەی لەنێو نەخۆشەکان دروست دەبێ و دەنگی نارەزایی بەرز دەبێتەوە.

دوای ئەوەی هەموو پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانە ئاگادار دەبنەوە، دکتۆر بەهزاد بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بڕیاردەدات کە لیژنەیەکی لیکۆڵینەوە سەربارەت بەو سرنجە پێکبهێنرێ، تاوەکو دەربکەوێ چۆن مێشووکە گەیشتۆتە ناو سرنجەکە!

شۆفێرانی کۆمپانیای هاوبەشی چیمەنتۆ ماندەگرن

رۆژی ٢-٨-٢٠٠٨ زیاتر لە شەش سەد شۆفێری ئۆتۆمۆبێلە بارهەڵگرەکانی کۆمپانیای هاوبەشی چیمەنتۆ، لەبەردەم بارەگای کۆمپانیاکە لە شاری سلێمانی دەستیان بەمان گرتن کردو داوای ئازادکردنی ئەو سێ ئەندامی ئەنجوومەنەکەیان کرد کە دەستگیرکراون.

وەک پێشتر لەرێگەی هەواڵەکانەوە ئاشکراکرابوو کە رۆژی٣١ی تەممووز سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شۆفێران لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستگیرکرابون و هاوکارەکانیشیان داوای ئازادکردنیان دەکەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان حکومەتی هەرێمی بریاری داوە کە گوازتنەوە چیمەنتۆ بۆ هەموو شۆفێرێکی بارهەڵگر ئازاد بێ و ئەنجوومەنی شۆفێران هەڵبوەشێتەوە، بەڵام شۆفێران دژ بەو بریارەی حکومەت راوەستاون و رەتی دەکەنەوە، بەوهۆیەشەوە سێ کەس لە بەرپرسانی ئەنجوومەنی شۆفێران دەستگیراون و مەرجی حکومەت بۆ ئازادکردنیان هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی شۆفێرانە .

پشتیوانی لە داواکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دەکەین

دوێنێ ١٣ی تەممووز، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک کۆتی عێراقیبوونی پساند و لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا بەزۆرینەی دەنگ داوایکرد کە پارێزگای کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی لە یاداشتەکەیاندا کە بۆ پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان بەرزکراوەتەوە دەڵێن کە ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێ و ئەگەر ماددەی ٢٤ لە پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لانەبرێ ئەوان دەخوازن کە پارێزگای کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دیسانیشەوە ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا ئەم هەنگاوە بە راستین و نیشتمانپەروەرانە دەنرخێنین و پشتیوانی لێدەکەین.

حزبی رزگاریی کوردستان پێشتریش جەختی لەوە کردۆتەوە کە دەبێ پارێزگای کەرکوک بۆ باوەشی کوردستانی دایک بگەڕێتەوە، ئێستا کە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ئەو داوایە دەکات، ئێمە هەم دەستخۆشیان لێدەکەین و هەمیش بە داوایێکی رەواو راستینی دەزانین، بۆیە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە هەرچی زووترە وەڵامی ئەرێ بە داخوازی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بداتەوە.

مەکتەبی سیاسی

حزبی رزگایی کوردستان

١-٨-٢٠٠٨

هەواڵی سەیر

*رۆژی ٢٨-٧-٢٠٠٨ کەسێکی سیگارکێش رێ دەکەوێتە فەرمانگەیەکی حکومەت، لە پرسگە پێی دەڵێن بەبڕیاری سەروو بردنە ژوورەوەی مۆبایل و کێشانی جگەرە قەدەغەیە، بۆیە داوای لێدەکەن کە دەبێ مۆبایل و پاکەتی جگەرەکەی دابنێ، ئەویش هەرچەندە زۆری پێناخۆش دەبێ، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ دەکات، دوایی کە دەچێتە ژوورەوە دەبینێ هەموویان سیگاریان لەدەست دایەو دەیکێشن، ئەویش سەری سوڕ دەمێنێ و دەپرسێ: 'کاکە بەمنیان گوت جگەرەکێشان قەدەغەیە!! بەڵام ئەوە خۆیان هەمووتان دەیکێشن' ئەوانیش پێی دەڵێن :' قەدەغەی چی ئەوانەی بریارەکەشیان داوە، بۆخۆیان لە نووسینگەو فەرمانگەکانیاندا دەیکێشن، ئەوجا بۆچی ئێمە نەیکێشین!'

* رۆژی ٢٩-٧-٢٠٠٨ لەسەر شەقامی شەست مەتری شاری هەولێرو لەنزیک نەخۆشخانەی گشتیدا ئۆتۆمبێلێک لەپشتەوە لە ئۆتۆمبێلێکی دیکە دەدات، هەردوو شۆفێر دێنە خوارێ، بەڵام ئەوەی لەپشتەوە لە ئۆتۆمبێلەکەی داوە، هەڕەشە دەکات و داوای قەرەبووکردنەوە دەکات، خەڵک لێیان کۆدەبنەوەو پێی دەڵێن: 'کاکە تۆ خەتات کردووەو لە پشتەوە لێتداوە، مادام ئەو قسە ناکات، هەقە سوپاسی بکەیت' بەڵام ئەو هەر پێداگری دەکات، دواتر ناسیاوێکی خۆی لێی پەیدا دەبێ و لەجیاتی ئەو داوای بوردن دەکات و کێشەکە چارەسەر دەکات!

* لە هەفتەی رابردوودا کەسێکی دانیشتووی شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کوپری) کە دوو ژنیشی هەیە و بەدزیەوە لە لای مەلا ژنی سێیەمی مارە کردووە، دەچێتە دادگەو دەیەوێ مارەی سێیەمینیش ببڕێ و بەیاسایی بکات، بەڵام کاتێ لێی ئاشکرا دەبی کە سێیەمین ژنەو بەدزی دووانەکەی دیکەوە مارەی کردووە، هەر لەوێ دەستگیر دەکرێ و رەوانەی زیندان دەکرێ.

* رۆژی ٣١ی تەممووز بیست و چوار ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکوک یاداشتنامەیەکیان بۆ پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان رەوانە کرد، داوایان کرد کە پارێزگای کەرکوک خرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش هەنگاوێکی مێژووی بوو، زۆربەی لایەنە سیاسیەکان بەیاننامەیان دەرکردو پشتیوانیان لێکرد، زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆی رژانە سەر شەقامەکان، کەچی بەرپرسێکی باڵا گوتبووی: 'هیچ نیە و بۆ گێرانەوەی کەرکوک نیە، بەڵکو بۆ ترساندنی عەرەبە، هەتا لە پەرلەمان ئەوەندە پێدرێژی نەکەن'

* خوێندنی باڵا راگەیاندووە کە هەموو دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەییەکانی کوردستان لە زانکۆو پەیمانگەکان وەرناگیرێن، ئەوان دەتوانن بۆ خۆیان بچنە زانکۆ ئەهلیەکان یان بەدوای کارێک بگەڕێن. ئەم بڕیارەی خوێندنی باڵا یەکەمین و نوێ ترین بڕیارە بۆ بێبەشکردنی فێرخوازن لە خوێندن.

* دەوڵەمەندێکی نیشتمانپەروەر بڕیاری داوە لەسەر گیرفانی خوێ کۆرسی خوێندنی ماجستەرو دکتۆرا بۆ ١٠٠ فێرخواز لە زانکۆکانی وڵاتانی دەرەوە دابین بکات، حکومەت پێشوازی لەو داوایە کردبوو، بەڵام پێشنیازی کردبوو کە ئەوانەی دەچن بۆ خوێندن تەنیا نیوەی ئەو مووچەیەیان بۆ سەرف بکرێ کە ئێستا لە کوردستان وەری دەگرن، کابرای دەوڵەمەند پێداگری کردبوو، مەرجی دانابوو کە دەبی حکومەت مووچەی تەواویان پێدات، چونکە ئەوانەی دەچن بح خوێندن زۆربەیان خاوەن خێزانن، ئەگەر حکومەت مووچەی تەواویان بۆ سەرف نەکات، چۆن دەتوانن درێژە بە خوێندن بدەن؟! ئیدی لەسەر پێداگری ئەو خێرۆمەندە، حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە کە مووچەی تەواو بۆ ئەوانە سەرف بکات کە بۆ خوێندن دەچنە دەرەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com